# وشیاری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل واجبێكی ئایینیو ئەركێكی نیشتمانیو مرۆییە

ماوەیەكە ڕووداوەكانی هاتووچۆ لەهەرێمی كوردستان زیادی كردووەو، چەندەها شەهیدو بریندار لێكەوتۆتەوە، بەگوێرەی پسپۆڕانو شارەزایانی هاتووچۆ، زۆربەی ڕووداوەكان دەرەنجامی خێرایی لێخوڕینو پابەند نەبوونی شوفێرانە بەیاساو ڕێنماییەكانی هاتووچۆ، بەمەش برایانی شوفێر دەكەونە ژێر باری ئەركێكی ئایینیو نیشتمانیو مرۆیی، بۆیە داوا لەتەواوی برا شوفێرەكانمان دەكەین، پابەندی ڕێنماییەكان بن، بۆ ئەوەی ڕووداوەكان چیدیكە فرمێسكان نەبارێنێتو، منداڵان بێ باوكو، دایكان جەرگ سوتاو نەكەن، هەر ڕووداوێكیش دەرەنجامی كەموكوڕی شوفێر بێت، دەبیاتە ژێر باری لێپێچینەوەی قیامەتو، وەیان تەنگژەی دونیا.


www.zanayan.org

زانایان پەیامی

رسالة العلماء

پەیامی زانایان كۆن نابێت

ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیری ئایینیە، مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەكات

ژمارە (٧١) دوو شەممە ١٣ی جەمادی دووەم / ١٤٣٢ ٢٦ی گوڵانی ٢٧١١ ٢٠١١/٥/١٦


## سەرۆكی یەكێتی زانایان لە كۆنگرەی تەسەوف:

# هەر كەسێك بەڕاستی هەڵگری فیكری ڕاستەقینەی تەسەوف بێت قەت نەیتوانیوە خیانەتكار بێت بەگەلو میللەتەكەی



ڕۆژی (٢٠١١/٥/٣) شاندێكی مەكتەبی تەنفیزی بە یاوەری لقی سلێمانی یەكێتی زانایان بەشداری كۆنفرانسی نێودەوڵەتی تەسەوفیان كرد لەشاری سلێمانی.

لەمەراسیمی كردنەوەی كۆنفرانسەكە، سەرۆكی یەكێتی زانایان وتەیەكی پێشكەش كرد، كە لە بەشێكی وتەكەیدا گوتی: خۆشحاڵین بەم كۆنفرانسە، چونكە تەریقەتەكان هەمیشە بەدرێژایی مێژووی

كورد ڕۆڵی ئیجابیان هەبوە لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی كە بووەتە دروست بوونی پەیوەندیەكی بەتین لەنێو چینو توێژو گوندو شارەكانی كوردستان، درێژەی هەواڵەكە لە ل٤ بخوێنەوە...


لەسلێمانی یەكەمین كۆنفرانسی تەسەوف ئەنجام دەدرێتو شێخانی بیارەش بایكۆتی دەكەن.......ل»٢


# دكتۆر محەمەد گەزنەیی سەرۆكی پێشووتری یەكێتی زانایان كۆچی دوایی كرد



ڕۆژی (٢٠١١/٥/٥) دكتۆر محەمەد ئەحمەد گەزنەیی سەرۆكی پێشووتری یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان دوای نەخۆشیەكی درێژ كۆچی دوایی كرد.

دكتۆر گەزنەیی چەندین ساڵ سەرۆكی یەكێتی زانایانو وەزیری ئەوقاف بووە، هەروەها مامۆستای زانكۆو كەسێكی شارەزاو دیاری هەرێمی كوردستان بوو.

هەر هەمان ڕۆژ بەئامادەبوونی شاندێكی باڵای یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستانو ستافی لقی هەولێری یەكێتی زانایانو ژمارەیەكی زۆری مامۆستایانی ئاینیو كەسایەتیو لێپرسراوانی حزبیو حكومی لەماڵی خۆی لەهەولێر لەكەژاوەیێكی شیاودا بۆ زێدی خۆی لەگوندی (گەزنە) لەدەشتی هەولێر بەڕێ كراوو دوای بە خاك سپاردنی، مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكی یەكێتی زانایان لەوتەیەكدا تیشكی خستە سەر بەشێك لە ژیاننامەی مامۆستای خوالێخۆشبوو، مامۆستای خوالێخۆشبووی بە پیاوێكی دەم خۆشەویستو زاناو شارەزا وەسف كرد، بۆیە لەدەستدانی مامۆستا خەسارەتێكی گەورە بوو بۆ زانایانی ئاینیو گەلی كورد بەگشتی.

شایانی باسە لەڕۆژانی پرسەكەیدا سەرۆكو جێگری سەرۆكی یەكێتی زانایانو ستافی مەكتەبی تەنفیزیو لقی هەولێری زانایان لە پێشوازی میوانان دابوون، سەرجەم لقەكانی یەكێتی زانایانیش بە بروسكە بەشداری كردنی پرسەكەیان بەسەر كردەوە.


مامۆستایانی ئایینی تكایە وتارێك بۆ سیستەمی هاتووچۆ !.......ل»٣


# شاندێكی یەكێتی زانایان بەشداری مەراسیمێكی ژینگە پارێزی دەكات

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٤/٢٧ بەئامادەبوونی هەریەك لەبەڕێزان كامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو كاروباری ئایینیو، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایانو شاندێكی یاوەری، هەروەها بەڕێز دكتۆر بەشیر خەلیل حەداد سەرۆكی لێژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی كوردستانو، بەڕێز سەرۆكی دەستەی ژینگەی هەرێمو، ژمارەیەكی بەرچاوی زانایان، لەنێو هۆڵی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف مەراسیمێك بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لەپاراستنی ژینگە، بەبۆنەی ڕۆژی ژینگەی كوردستان بەڕێوەچوو.

ئەمەو لەمەڕاسیمەكەدا، پێشانگایەكی فۆتۆگرافی بۆ وێنە سروشتیو ژینگەییەكانی كوردستان كرایەوە، دواتر خەڵات بە ژمارەیەك لە زانایانی ئایینیو وتاربێژان بەخشرا، كە ڕۆڵیان هەبووە لەپاراستنی ژینگەی كوردستانو، دواتر سەركەوتووانە كۆتایی بەمەڕاسیمەكە هات.

پاشان سەردانی هەردو بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری ئێزیدیەكانو كاروباری مەسیحیەكانیان لەوەزارەتی ئەوقافی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردو پیرۆزباییان لە خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی كاروباری مەسیحیو خەیری بوزانی بەڕێوەبەری گشتی كاروباری ئێزیدیەكانو سەرجەم فەرمانبەرانی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە كرد، لەدیدارەكەدا تەئكید لەسەر پێكەوەژیانی ئاینیو سوودوەرگرتن لەكلتوری پێكەوەژیانی مێژوویی ئاینەكانی كوردستانو ئەو بنەما شەرعیو یاساییانە كردەوە كە دەكرێت بەهۆیەوە كوردستان بكرێتە لانكەی ئاشتیو پێكەوەژیانو ئازادیو دیموكراسی.

# سێیەمین خولی ڕۆشنبیری زانایان بەكۆتا هات



ڕۆژی چوارشەممە (٢٠١١/٥/٤) سێیەمین خولی ڕۆشنبیری مامۆستایانی ئایینی كۆتایی پێهات، كە مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان بەهەماهەنگی ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان ئەنجامی دابوو، ماوەی سێ ڕۆژ بوو ئەم خولە لەهۆڵی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان بەردەوام بوو، تێیدا كۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بە ڕۆڵی زانایانی ئایینیو مافەكانی ئافرەتانو ژینگەو یاساپارێزیو خێزانو دەروونناسی بە میوانداری چەند مامۆستایەكی پسپۆڕ لەو بوارە گفتوگۆیان لەسەر كراو، مامۆستایان لە هەولێرو گەرمییانو پشدەرو سۆرانو شێخان بەشدارییان كردبوو.

دوای تەواوبوونی خولەكە مامۆستایانی بەشدار بوو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیو، مامۆستا مەلا جاسم كەلاری بۆ سایتی زانایان گوتی: شتێكی زۆر سوودبەخش بوو، مامۆستا مەلا عەبدولهادی لەشێخان پێی وابوو ئەم خولانە شتی زۆر باشی تێدا بوو، هەروەها مامۆستا سابیر شێخ محەمەد دەستخۆشی هەبوو، مامۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەیی گوتی: ئەم خولە جیاواز بوو لەسەرجەم ئەو خولانەی پێشتر بۆ مامۆستایانی ئایینی كراونەتەوە.

ماوە ئەوە بڵێین: لەسەری ساڵی نوێوە مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان بە هەماهەنگی ڕێكخراوی تواناسازی ئەمە سێیەمین خولە ئەنجامی دەداتو، بڕیارە بۆ سەرجەم شوێنەكانی دیكەی كوردستان بەردەوام بێت.

# گرێبەستی ٢٠١ مامۆستای ئایینی خانەنشین نوێكرایەوە

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف:**

لەسەرداوای وەزارەتی ئەوقافو بەفەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر نوێكردنەوەی گرێبەستی ئەو مامۆستا ئایینیانە دا كە لەتەمەنی خانەنشینیدانو تەمەنیان لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیكردووەو ئەو مامۆستا ئاینیە بەڕێزانە جگە لەموچەی گرێبەستەكەیان موچەی خانەنشینیشیان بەردەوام دەبێت.

بەپێی نوسراوێكی وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم كە لەبەرواری ٤/١٨ ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقافی حكومەتی هەرێم كراوە. هەموو ئەو مامۆستا ئایینیانەی كە تەمەنیان لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیكردووەو هەتا ئێستا بەفعلی لەناو مزگەوتەكانیاندا خزمەت دەكەن، گرێبەستەكەیان بۆ ماوەی ساڵێك نوێكرایەوەو لە ٢٠١١/١/١ موچەی گرێبەستیان بۆ حساب دەكرێتو جگە لەوەش موچەی خانەنشینی وەردەگرن.

شایانی باسە (٢٠١) مامۆستای ئایینی لەسەرتاسەری هەرێمی كوردستاندا لەم بڕیارە سوودمەند دەبێت.


زانایانی ئایینی ئیسلامیو پیاوانی ئایینی مەسیحیو چەند پەرلەمانتارو كەسایەتییەك داوای ئاساییبوونەوەی دۆخی سلێمانی دەكەن
ل » ٤

حمید ئەحمد عبدالفتاح: خیانەتی هاوسەری لەڕوانگەی ئیسلامەوە

ل » ٦

ئاناء ڕانیەیی: مەرگی زانست بە دەستی كزە

ل » ٧

مەلا یونس باویانی: ئازادی لەنێوان ڕەهاییو زەوتكردندا

ل » ٩